# بژاری شاعیر ناهەقی نییە..!

**عادل ئیبراهیم**

adil_ebrahim3@hotmail.com

ئەم جارە کاك بژار لە بەشی سێیەمی شەرحی گرفتەکانیدا باسیکی تەفسیلتری نوسیوە، بە قەولی خۆی ماویەتیو دریژەی هەیە، گەر باش ووردبیینەوە ناهەقی ناگرین لە چۆنیەتی باسەکەیو تەفسیلی باسەکەیدا، بۆچی؟ گەر ئارام بگرن بۆتان روون دەکەمەوە..!

ئەوەی بژار تەعبیری لیدەکات لە گرفتە زهنیەکانیدا لەسەر رابەری جەماعیو ئازادی ئەندامانو پەیوەندی حیزب بە خەباتی کریکارانەوە.. ، گەر بۆ چەند مانگیك بگەرینە دواوەوە، باسەکەی بژار بە ووشەو دێرو کۆماو خاڵەوە، پراکتیزە کراوەو دەوری خۆشی دیوە، ئەتوانین وەك فلمیکی سینەمایی بهینینەوە یادو پیش چاومان، بەراستی بژار زۆر لیهاتوانەو دلسۆزانەو ئەمینانە نەقلی کردوەو دایرشتووە.

ئەو باسە هەر زوو پیش ئەوەی بنوسرێتەوە لەلایەن لیدەری حیزبی کۆمۆنستی کریکاری ئیران، حەمید تەقوایی بە دەقیقی پیادەکراوە، لە خلافەکانی ئۆگەستی سالی 2004ی نێو حیزبدا، حەمید تەقوایی بە شەپولی هەراو هوریای کۆنگرەی ئەندامان، دەخالەتی ئەندامان لە ئختلافەکاندا، نەفرەت لە کۆمیتە بالاکان، حیزبی کرد بە دوو پارچەوە، لە ئاکامدا بە سەرکەوتنی چەپ بەسەر راستدا حیزبی پاك کردەوە. فەلسەفەی هەراوهوریای ئەندامان، ئازادی ئەندامان، رابەری جەماعی، نەفرەت لە مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی، رابەتەی رابەریو ئەندامان وەك ئەوەی پژار ئیستا نوسیویەتی پراکتیزە کراوە، حزب رزگار کراو هەر ئێستا ئامادەن شۆرشی سۆشیالستی رابەری بکەن.

ئەوەی جیگای سەرنجە ئەو شیوازەی حەمید گرتیە بەر بۆ یەکالاکردنەوەی خلافەکان، لە گرتنی گۆنگرەی ئەندامانو دەخالەتی ئەندامان، پاش جیابونەوەو گرتنی کۆنگرەی هەراو هوریاو رۆشتنی هەر لایەنێك بەلای وەزعی خۆیانەوە، ئیتر ئەو باسانە تەواو بێ دەنگی لیکراو باسیکی نەما، بەلکو باسەکان چونە سەر بالی راستو پاککردنەوەی دوژمنانی کۆمۆنیزم.

بۆیە کاك بژار ناهەقی نییە تەواوی ئەوەی پراکتیزە کراوە بکاتە نوسینو بیرمان خاتەوە، وەك گرفتی ئەسلی ئەم سەردەمەی بزووتنەوەی کۆمۆنستی دەرخواردمان بدات، لە لایەنیکیدا دلسۆزیو سادەیی کاك بژار نیشان ئەدا، شەریکی دەرونی باسێکی تایبەتی هینایە پیشێو عەملی پێ کرا، خۆ لەبەر ترشوخوێو میژووش بێت دەبێت کەسێ بیان نوسیتەوە.

درکو زهنو مەشغەلەی بژار یەکیکە لە قوربانیانی ئەو خلافانەی نیو حیزبی کۆمۆنستی کریکاری ئیران، کە چۆنیەتی بەرخورد بە خلافەکان گەورەترین زەربەی لە بزووتنەوەی کۆمۆنستی دا، بژار ئاسەوارەکانی ئەو بومەلەرزەیە هەست پێ ناکات، لانسی گرفتە زهنیەکانی خۆی دەیجولینێ، کە وونو سەرگەردان بووەو رابەرانی لابۆتە جنۆکەو پێی وایە بەو باسانە بەتالیان دەکاتەوە.

بژار حیزب وەك دیاردەیەکی راوەستاو نەگۆرو لە چوارچیوەیەکی داخراودا دەبینێ، هەر بۆیە گرفتەکانی لە ناوەوە دیاری دەکات، رەنگە چەندین نوسراوی تریش لەو بارەیەوە لای بژار دریژەی هەبیت، تا لە خەیالی خۆیدا حیزبیكو رابەریکی جەماعی ناو پاکەتی بێ خلاڤ سیاسی دروست دەکات. بژار ناتوانی بەرنامە، سیاسەت، تاکتیك، هەلسورانی سیاسی، نەخشە، شەر، دەوری رابەرو خلافە سیاسیەکان بیر لێکاتەوە، حیزب لای بژار دیاردەیەکە لە ناو خۆیداو بێ حەرەکەتە، دیاردەیەك نییە لە ناو شەری بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکاندا هەلبەزودابەز بکات.

حیزب کاتی ئامرازی خەباتە کە رابەرایەتی شەرەکان دەکاتو سەردەکەوێو دەرگیری پاشەکشەو شکستیش دەبیت، بژار ناتوانێ دەوری رابەر لە نیو ئەو شەرانەدا بناسێتەوە، تەعریفی رابەر تەنها بە رابتەیەکی میکانیکی بە کریکارانو ئەندامانی حیزبەوە دەکات، پێی وایە چەند هاورێییەکەن ئیواران پێکەوە پیاسە دەکەن.

حیزبو رابەریەکەی لە نیو شەری بزووتنەوە کۆمەلایەتیکاندا تاقی دەبیتەوە، حیزبو رابەر گەر نەتوانی لە نیو ئەو شەرانەدا سەرکەوتن بەدوای سەرکەوتن بۆ خەباتی کریکاران تومار بکات، نەخشەو سیاسەتی دروست بدا بە دەستەوە، هەزار شیوازی ریکخستنی بۆ داریژیو باس لە رابەری جەماعی بۆ تیۆریزە بکەیت، بە فلسێکی قەلب کەس سەودای ناکات، ئەو جۆرە

باسانە لە چیرۆکی بەر ئاگردان‌و داپیرە دەچن، تا ئەوەی گرفتی بزوتنەوەیەك بێت. حەمید تەقوایی بۆ دەورەیەك لە یەکالا کردنەوەی خلافەکانی نیو حیزب کاری بەو شێوازە بوو چونکە گرفتەکە لای حەمید وەك ئیستای بژار لە "ناوەوە بوو نەك لە دەرەوە"، بۆیە ئیستاش زهنی بژاری داگرتووە.

ئەو جۆرە باس‌و رەخنانە، هەمان میسۆدی رەخنەی چەپی سونەتی بوون، کە رەخنەیان لە سۆشیالزمی شورەویی پێ دەگرت‌و دەیان گەرانەوە بۆ بیرۆکراتیەتی ستالین، بەلام رەخنەی مەنسور حکمەت لە تەواوی رابەرانی بەلشەفیەکان‌و کۆمۆنستەکانی ئەو سەردەمە، ئەوە بوو کە نەیان توانیوە وەلام بە بەرنامەی ئابووری دامەزراندی کۆمەلگەی سوشیالستی بدەنەوە، ستالین بەرنامەی سەرمایەداری دەولەتی کردە بنەمای کۆمەلەگەی شورەویی، رابەرانی ئەو سەردەمە بە جەماعی‌و بە تەواوی ئەندامانیشەوە ئەوپەری پیشوازیان لێکرد،.هەر ئەمەش ئەو زەمینەیەی خولقاند بۆ دکتاتۆری‌و بیرۆکراتی ستالین.

کاکە بژار ئەم رابەری جەماعیەی تۆ خۆت پیوە خەریك کردووە، ناتوانی سەرکەوتنی شەرەکانی کریکاران لە بەرامبەر تێکرمانی دنیای سەرمەیداریدا مسۆگەر کات، کریکاران‌و حیزبەکانیان هەمیشە لە جەنگدان، ئەوە تەنها توانایی‌و لیهاتویی‌و پیشرەوی رابەرە ئەتوانێ لەو شەراندا بجەنگێ‌و لەشکری کریکاران بەهیز کات‌و بەسەرکەوتنیان بگەیەنێ‌و شۆرشی سوشیالستی مسۆگەر کات، رابەران لەو شەرانەدا دەناسرێنەوە، هەر پاشکشەو رامان‌و شکستێ، رابەرو حیزب بۆ چەندین هەنگاو دەباتە دواوە، بۆیە شیعاری "سۆشیالیزم هەر ئیستا" گەر میکانیزمی شەرەکەی نەناسیتەوە دەبێتە گاڵتە جار، ئەوانەی ئەمرۆ لە بزووتنەوەی کۆمۆنستی عیراق‌و ئیراندا ئدعای رابەری دەکەن، هیشتا لە مەیدانی ئەو جەنگدا نەمان دیون، هیشتا هەر خەریکن خۆیان ئامادە ئەکەن‌و ئامادە نابن، ئەمەیە گرفتی بزووتنەوەکەمان نەك رابەری جەماعی‌و ئازادی ئەندامان‌و دابرانی ئەندامان‌و رابەری لە یەکتر بەو شیوە موجرەدەی لە زهنی بژاردا هاتووە.

لە دەستدانی رابەریکی لیهاتو بە توانا هەمیشە زەربەی گەورەی بە دوادا هاتووە، لە دەستدانی مەنسور حکمەت پشتی بزووتنەوەکەی وا خوار کردووە تا ئیستاش راست نەبۆتەوە، بزووتنەوەکە هیندە داماو بووە تیۆریزەکانی رابەری جەماعی تۆو بەیانی یەکی ئایاری سمیر نوریش خەریکە دەبنە مەسەلە، چەند لەسەر ئەوانە برۆیت‌و دریژی پێ بدەیت، شەریکی کۆمەلایەتی هەمیشە بەرەو روومانە، ئامادەی لەو شەردا لە ریزی پیشەوەی کریکاران بجەنگی، یا خەریکی حال لیهاتنی بە دیار کۆمپیتەرەکەتەوەو دریژە بەو باسانە ئەدەیت کە سەودای پێ ناکرێت، وەك سۆفیش بەدوای شیعاری نا مەعلومی "سۆشیالیزم هەر ئیستا" دالغە لێ ئەدەی. بە کۆلێ داوی لیبوردنەوە.